پەنجەرەیەکی کراوە
لە نیوە شەودا

شەو .. راشکا

دونیا هەمووی کپ و خامۆش

لە ژوورەکەمدا لە هەناسەی من پتر

لە دوورەوەش جگە لە سەگوەڕێ زیاتر

دەنگێ نایە : فەرامۆش

تاوناتاویش لوورەی گەواڵەیەکی دوور.. ئاسمان دەبڕێ

دەڕوا .. دەڕوا

دوور دوور دەڕوا تا کپ دەبێ

" یا تانجییەکی برسییە و خەوی نایە ..

کە تەنها ئەو عزرائیل دەبینێ

لە ئاسمانەوە هەڵۆ ئاسا .. دێتە خوارێ

چۆلەکەی رۆحێ ببات

هی راوچییەکەی بێت

یان منی مات ! "

هەموو شتێك لە ژوورەکەما سارد و سڕ و مردووە..

تەنها دڵم .. دڵم نەبێ ..

چنگێ سەهۆڵە و دەشسووتێ !

باران چ بەخۆڕ دەبارێ ..

بیابانی ئەو گیانە وشك و سووتاوەم .. قەت تەڕ نابێ..

باران درەخت و سەربان و چۆلەکە و شەقام و کەریش ..

دەشواتەوە

تۆزی زۆری سەر چاوی من نەبێ

دونیا .. مات و تەڕ و تاریکە ..

روونـاکی بروسك نەبێ ..

جار و بار بەر بیناییم رۆشن دەکا و دەکوژێتەوە

بروسکیش زۆر لە ئەوینی – تەمەن کورتی – من دەچێ

چەخماخە دەکا و .. زوو دەمرێ

f ئای ..

منالا چەند گوێی بە لایەلایەی دایکی خۆشە..

من هەزار ئەوەندەو.. گەلێك پتریش..

بە ڕژان و شوڕەی ئاوی گوێسوانەکە..

لە لوورەی سەگ..

فیکەی ناوەخت و خەمهێنی نیوە شەو

فیکەی بێزاری یاساوڵێکی عەزرەتی و ..

دوورە باوەش و ماچ و خەو

f کێیە دەڵێ زستان:

وەرزی یادی کۆستی حەزی ئاسمان نییە؟

کێیە دەڵێ:

ئەم بارانەش گریانی یەزدان نییە؟

لێمان گەڕێن.. کێ ئیمشەو بەقەد من و ئەستێرەکان

غوربەتی سەری لێداوە؟

کێ وەك من و ئاسمان.. حەز دەکا بە گریان

گریان بە دڵا.. گریان بە چاو.. گریان بە گیان... ؟

بارانە و ..

خەمی پشیلەو کەرو سەگو یاساوڵاو سەرخۆشەکانیش..

من دەیخۆم

بارانەو ..

خەمی باڵندەکانیش هەر خۆم دەیخۆم

رووەو دارستانی چڕو تاریکی گیانم .. هەڵنافڕن

f نا .. وانییە ..

لە ژێر هەیوانی ماڵە هەژارە زۆرەکان

شەوانی باران هەژارەکان

هێلانەی سۆزو عیشق خۆش دەکەن!

بارانە و .. بارانیش نهێنی گریانی ئاسمانە

ئەمشەو .. یادی کۆستەکەی گەلێ گەورەیە

نەك تەنها خۆی

بگرە فریشتەکانیش وا بە کوڵا بۆی دەگرین

خەریکە شینایی ئاسمان و ئەستێرەکانیش .. ببارێن

لێمان گەڕێن .. ئێوە بنوون..

ئێمە هەردوو ..

بۆ کۆچی سووری پەریزادەی خۆمان و ..

پەریزادەکانی ئێوەش دەگرین ..!

ئێوە بنوون .. ئێمە هەردوو ..

لەبری ئێوەو کەر و پشیلەکانیش.. وا دەمرین !

ئێوە بنوون ..

سەرینی نەرم .. خەونی سەوز

ماچی گەرم .. نەوس و گەوز

ئای رۆڵەکانم ..

من خەم و تاریکی کۆڵانەکانیشتان .. هەڵدەگرم

من لە باتیتان وا دەمرم ..!

f هۆ خەمی خۆم .. زێدە جەرگم

بۆم وەرەوە .. هەروەکو بزنێك ..

کە تازە کاری لێ بەردەبێتەوە ..

هێدی هێدی دەیلێستەوە ..

وەرە و ئاوا بتلێسمەوە!

دەرگاکان ناکەنەوە .. دە وەرەوە نیوەشەوە

هۆ خەمەکەم .. گلێنەی هەردوو چاوەکەم

بەس منم نازی هەتیوەکەی خۆم هەڵدەگرم

دە وەرەوە ..

دەستەکانیشم نەماون بتگرمە باوەش

دە تۆ لە باوەشێم بگرە .. بملاوێنەوە

بڕۆرەوە کونجی دڵە بێ دەرگایەکەی خۆم تێر بخەوە

f شەوە و کۆمەڵێ تارمایی ..

لەودیو پەنجەرەکەمەوە

سەیرم دەکەن و .. شەرم ناکەن

" کەس نییە شەرم دایبگرێ ..

من وەکو سەگ قەوارەی برینی خۆم دەلسمەوە

شەرم ناکەن ..

سەیری منی بێ سیپاڵا دەکەن.. رووتم..

ئاخر ئێوە خۆتان رووتتان کردووم ..!"

f ئاە.. ببوورن شەوە و تەنیام

شەو و تەنیاییش ..

رەشەبای شێتی وڕینەیەکی پێهەڵکردووم

لە دارستانی مێشکما ..

ملیۆنەها گەڵای خەمی کۆن و نوێی .. پێباراندووم

شەو راشکا.. منیش نە شیعرێ .. نە ئاگردانێ

ئافرەتێ نییە .. سەرمای ئەمشەوم لابەرێ

کەسێ نییە .. خەمی خۆم و زەوی پێبسپێرم

ئەمشەو بە تەنیا شینێ دەگێڕم

ئەمەی ئەمشەو شیعر نییە ..

دوا وڕینەی عیسایەکە ..

گوێی لێبگرن لە خاچ دەدرێ

ئەمەی ئەمشەو .. باران نییە

گریانی کۆستی حەز و .. خەمی شاعیرێکە

خەریکە ئەویش ببێتە تنۆکێ باران و بباری

ئێوەیش نوستوون .. نوستووی مردوون وەئاگابن ..

گوێ بۆ گفتەگفتی ئەم رەشەبایە شل کەن

گفتە نییە..

نوزەی کۆچ و سەرەمەرگی باوکتان بوو..

دوا ناڵەی پێش مردنی

دە زۆڵا مەبن .. گوێی لێبگرن

ئەو تەمەی سەر چیاکانیشی لێگرتوون

دووکەڵی ئاخ و هەناسەی گەرمی شەوێکمە

هی شەوێکی بێداریمە ..

هیچ خۆرێك نایڕەوێنێتەوە

تا تەمی خەمم نەڕەوێتەوە ..!

شەوێکی زوقم و بارانە ..

هەر خۆم تەنیام .. سڕ و سەرسام

f ئەی تۆ لە کوێی

ئەی هاوڕێی شیرینی گیانە پڕ لە حەژمەتو کەسەرەکەم

تۆ لە کوێی ..؟

کە من بێدار بم..

تۆ بۆ بێداربی..؟

تۆش بخەوە .. خەوت خێربێ

شەو زۆر سارده و .. دڵم لەلاتە

ئاخۆ لێفەکەت لەسەر نەترازاوە؟

ئاخۆ سەرت لەسەر سەرین .. نەخزاوە؟

لە ژووری –سەهۆڵبەندی- خۆمدا.. وا هەست دەکەم ..

داتدەپۆشم و هەردوو چاوانت ماچ دەکەم

دەڕۆم و خەوی خێرت بێ

ئەمشەو هەر خۆم تەنیا

خەمی باڵندە و کۆڵانو شەقامو پشیلەکانیش .. هەڵدەگرم..

بنوو چاوم ..

من هەر خۆم

لەجیاتی تۆش ئەوا دەمرم

بنوو عومرم ..!

شەوی 979/12/20

سلێمانی